
# نامەکەی دلاوەر هەرگێز نەگەیشت



سازدانی: ئاسۆ سەراوی

**شیعر لای دلاوەر قەرەداغی، دەستگرتن و پەڕاندنەوەی نابینایەکە لە شەقامێکی قەرەباڵخدا بۆ ئەوبەری ئیمان، هەڵگرتنەوەی کلینێکسێکە بۆ ناو تەنکەیەکی خۆڵ. دەستهێنانە بەسەر باڵی گەرمی تەیرێکی نووستوودا، گوێڕادێرانە لە دەنگی قوتویەکی قوپاو کە ئاو بە جۆگەلەیەکدا دەیبات، شیعر لای ئەو هەڵگرتنەوەی موفەڕکێک لە چەقی ڕێگا و فووکردنە لە نانێکی برژاو ....**

**لەمیانەی گەڕانەوەی ئەمجارەیدا بۆ نیشتمان، دلاوەر قەرەداغی شاعیر بۆ یەکەمین جار چەند نهێنییەکی ژیانی منداڵی‌و گەنجێتی خۆی بۆ خوێنەرانی ئاوێنەکان دەدرکێنێ.**

**ئەو لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٣ لە گەرەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە سلێمانی و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواو کردووە. ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەی (ڕوخۆش)و دوو کوڕەکەی (دامون و نالی)لە سوێد نیشتەجێن. ناوبراو شەش کۆمەڵە شیعر و نزیکەی حەڤدە کتێبی وەرگێردراوی هەیە. لەو کتێبانەی کە سەدایان لەنێو خوێنەرانیدا هەبوو: پەیکەرێک لە باران، تەیرەکانی ئیسماعیل، مەلەک ڕێحان، فرانسیسکۆس قەدیسی من، ڕاپۆرت بۆ گریکۆ، ماڵیک لە ئاسمان، دوو دونیا ... دوایین بەرهەمیشی کۆمەڵە شیعری (من لە شارێکی زۆر دوورم ..!). کۆی شیعرەکانی لە بەرگێکدا ئامادەیە بۆ چاپ کە بڕیارە چاپخانەی ڕەنج لە شام چاپی بکات و چاپی سێیەمی کتێبی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) ش لەژێر چاپدایە. بەم دواییەش وەرگێڕانی شانۆنامەی (گەمەی پاقیژە) ی لە یانەی قەڵەم چاپکرا.**

## ڕامان لەو ماشێنانەی، ئاویان بۆ سەربازە تینوەکان دەبرد

قەرەداغی لە منداڵیدا کەسێکی گۆشەگیرو ترسینۆکو شەرمن بوەو کەمتر تێکەڵاوی منداڵانی کۆڵان بوو «بەڵام حەزێکی زۆرم بۆ چوونە کۆڵان و بینینی دونیای ئەودیو ماڵ هەبوو. حەزم لە بینینی خەڵک بوو کە بەلای ماڵەکەماندا تێدەپەڕین، بینینی فرۆشیاران و ماشێنە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی حەزێکی زۆرم لە تەماشاکردنی ئەو ماشێنە سەربازیی تەنکەرە ئاوانە بوو کە ئاویان بۆ سەربازە تینووەکان دەبرد. شتێکی تر کە لە سەردەمێکی زووی منداڵییدا سەرنجی ڕادەکێشام، چوونی منداڵان بوو بۆ قوتابخانە و لە دڵەوە ئیرەییم پێ دەبردن. بە تایبەتی حەزم لە قەرەباڵخیی چوونیان بۆ قوتابخانە و جانتاکانیان بوو. چوون بۆ قوتابخانە یەکەمین خەونی من بوو بۆ چوونە دەرەوە لە کۆڵان و دونیای ماڵ. بێگومان بە جانتایەکەوە».

## بەدیهاتنی خەون ... چوون بۆ قوتابخانە

سپێدەی بەیانییەکی پاییز، دایکی دلاوەر زوو کوڕەکەی لە خەو هەڵدەستێنێ تا باوکی بیبات و لە قوتابخانەی (شێخ سەلام) ناونوسی بکات. «لەڕێی قوتابخانە هەستێک ئاوێتە بە ترس و بە متمانە بەخۆبوون و بە شانازیی لە ناوەوەمڕا قوڵپی دەدا. هەستێک کە حەزم دەکرد هەموو خەڵکی گەڕەک لەو بەیانییە زووەدا بێنە دەرەوە و تەماشام بکەن کە ئەوە منم دەچم بۆ قوتابخانە و ماوەیەکی تریش نابات دەبمە خاوەنی جانتای خۆم. بەڵام لەهەمانکاتیشدا ترسم لەوە هەبوو کە دەبێ چی لەودیو دەرگای قوتابخانەوە هەبێت؟ ڕوخساری مامۆستاکان چۆن بن و چۆن پێشوازی بکرێم؟» ئەو دەمەی پێ دەنێتە ئەو دیو دەرگای قوتابخانە، یەکەمین شتێک کە سەرنجی دلاوەر رادەکێشێ تابلۆیەکی هەڵواسراوی گەورە بوو کە وێنەی منداڵانی پاکوتەمیزی پێدا هەڵواسراوە. «باوکم گوتی ئەوە وێنەی تەلەبە زیرەک و یەکەمەکەکانن. وایگوت و ئیدی منیش لە ناخدا بڕیارمدا ببمە یەکێک لەوان».

***باشە بوویتە یەکێک لە تەلەبە زیرەکەکان؟ سیحری قوتابخانە لەلات وەک خۆی مایەوە؟**

– بوومە یەکێک لە تەلەبە زیرەکەکان، بەڵام هەر زوو سیحری قوتابخانە ڕەوییەوە. دەبێ بڵێم قوتابخانە ترسێکی گەورەی لە لێدان و لێپرسینەوە و گوێ پێنەدان لە ئێمەدا چاند. گەرچی من بۆ خۆم قوتابییەکی زیرەک و بێ وەی و بێ کێشە بووم بەڵام بە لێدان و لێپرسینەوە دڵڕەقەکانەوە دەبووم و دەشکێنرام. لێدانەکانی قوتابخانە هیچی وایان جیاواز نەبوو لەگەڵ شەڕ و پێکداهەڵپژانەکانی کۆڵان. بیرمە یەک دوو جار منداڵی هاورێم لە پۆلدا بە لێدان بوورانەوە، قوتابی بەو بچووکییەی خۆیەوە تینی بۆ دەهات لە مامۆستا هەڵدەگەڕایەوە و دەستیان دەدایە یەخەی یەکتر. ڕۆژێکیان بیرمە لە وانەی کوردیدا لەگەڵ هەورامانی وریا قانع دا بە شتێک پێکەنین، مامۆستا کە بەوەی زانی لێدانێکی زۆر خراپ لێیداین».

*** هیچ یادەوەرییەکی خۆشی منداڵیی هەیە کە تا ئێستا لە زەینتدا مابێتەوە؟**

– یادەوەریی خۆشم لەگەڵ درەختێکدا هەیە لە حەوشی ماڵەکەماندا لە گەڕەکی گۆیژە کە بەهاران گوڵێکی زەردی زۆر بۆن خۆشی دەگرت.. هەست دەکەم شوێنێک لە منداڵیی مندا پڕە لە بۆنی ئەو گوڵە. نازانم ناوی ئەو درەختە چ بوو، زۆر بە دوای ناوەکەشییەوە نەبووم، وەک بڵێی نەمەوێ و نەخوازم لە هیچ ناوێکدا زیندانیی بکەم. بیرمە ڕۆژانی هەینی هەندێک کەس کە لە سەردانی سەیوان و گۆڕی ئازیزانیان دەهاتنەوە لە دەرگای حەوشەی ماڵی ئێمەیان دەدا و پرسیاریان لەبارەی ئەو درەختەوە دەکرد یان گوڵێکیان لێ لێدەکردەوە. زۆر دواتر لە ڕۆژانی زانکۆ لە گەڕەکی وەزیرییە لە بەغدا و عاشقبوونە ناکاوەکاندا بۆنی ئەو گوڵەم کردەوە. ئێستایش لەمیانەی خوێندنەوەی شیعرێکی جوان، ڕۆمانێک، گوێڕادێران لە مۆسیقا و بینینی فیلم و تابلۆیەکدا هەمدیسان بۆنی خوشی ئەو گوڵە دەچێتەوە بە سەرمدا. بە داخەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان چووم بۆ سەردانی ئەو درەختەی منداڵیی، بەڵام بینیم نەک هەر درەختەکە بڕدرابووەوە، بەڵکو حەوشەکەش کرابوو بە خانووی دوو قات.

*** باسی عاشقبوونت کرد ... کەی بۆ یەکەم جار عاشق بوویت؟**

– ڕۆژێک لە ڕۆژانـــی قۆناغی چوونە خوێندنی ناوەندی و پۆشـــینی جلکی نوێ و داهێنانی قژ بە لایەکی تردا ... هەســـتم کرد عاشـــقی کیژێک بووم کە ئەویش لە ناوەندی دەیخوێنـــد. من نیوەڕوان دەچووم بـــۆ قوتابخانە و ئەو لە قوتابخانە دەهاتەوە. ماوەی ســـاڵێک یەکترمان لە ڕێگای قوتابخانـــە دەبینـــی، تەنها نیگای یەکترمـــان دەکرد و لە ماوەی ئەو ساڵەدا یەک وشەمان بە یەک نەگوت. یەکەمین نامەی دڵداریم دوای دەیان مســـۆدە بۆ ئەو کیژە نووسی. ماوەیەکـــی زۆر ئـــەو نامەیەم پێ بـــوو، زوو زووش تازەم دەکـــردەوە .... بەڵام قەدەری ئەو نامەیـــە ئەوە بوو کە هەرگیز نەگات. دەشـــێ ئەو کیژەیش نامەیەکی لەو جۆرە لە گیرفانی ســـەدرییە ڕەشـــەکەی قوتابخانەیدا بووبێت... بیست ساڵ دواتر لەگەڵ ئەو کیژەدا بە ڕێکەوت لە گەڕەکی خۆمان یەکترمان بینییەوە. من ژنم هێناو و ئەویش دەستی منداڵێکی گرتبوو، هەروەک جاران تەماشای یەکدیمان کرد و هیچمان نەگوت، بەڵام ئەمجارە زەردەخەنەیەک لەســـەر لێومان بوو ... زەردەخەنەی بێ مانای گەورەیی ... ویستم لێی بپرســـم کە ئاخـــۆ ئەویش کاتی خـــۆی نامەیەکی لە گیرفانـــدا نەبووە؟ بـــەڵام دوای زەردەخەنەکەی، ئیدی بە پێویستم نەزانی ئەو پرسیارەی لێ بکەم.

*** تۆ زەمەنێک قوتابی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوویت لە بەغدا.. بەغدا و ئەکادیمیا چ گۆڕانکارییەکیان تێدا دروست کردیت؟**

– وەرگرتنم لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و خوێندن لە شـــارێکی گەورە و پێشکەوتووی وەک بەغدای ئەوکاتدا نەک بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو قوتابییانی شارەکانی تریش، دەروازەیەکی نوێ و ئاشـــنابوون بـــوو بە دونیایەکی نوێ. بەغدا ئەو شارە بوو کە لەیەکەمین بینینەوە شەیدای بووم و لـــە خۆیدا جێگای کردمەوە. بە خەڵکانی نوێ و فیکر و زوبان و شانۆ و شیعرێکی تری ئاشنای کردم. بەغدا شارێک بوو کە بۆ یەکەمین جار حەزی ســـەفەر و دوورکەوتنەوەی تێدا وروژاندم و بۆ ڕیسکی سەفەر هانیدام، پێوەندیگەلێکی زۆری بۆ دروســـتکردم، بەتایبەتی کە هەندێک کەســـێتییم لە هونەرمەند و شـــاعیر، لە کچ و لە کوڕ ناسین کە دواتر زۆریان بوونە هونەرمەند و شاعیری داهێنەر. من لە شاری بەغدا متمانەم بە خۆم پەیدا کرد و تا رادەیەک شەرمم شکا ... ئاخر شارە گەورەکان هەمیشە پەناگەی پیاوە شەرمن و دڵشـــکاوەکان بوون. من لەسەرەتای چوونمدا بۆ ئەو شارە و دەســـتپێکردنی یەکەمین ســـاڵی خوێندنم، ئەزموونێکی ناکامی سۆزدارییم، کە بە مردن کۆتایی پێهاتبوو، لە دوای خۆمەوە جێهێشتبوو، واتە دەکرێت بڵێم من وەک گەنجێکی نائومێد و دڵشـــکاو خۆم بەو شارەدا کردبوو، ئەو شارە و پێوەندییە جوانەکانی و شـــانۆ و شیعر و تیپی سەمفۆنیا و کتێبەکانی، زۆر برینیان لە مندا هەتوان کرد.

*** لەو قۆناخەدا پێوەندییت لەگەڵ کچان و ڕەگەزی بەرامبەردا چۆن بوو؟**

– هەمیشـــە کچەکان لە ژیانی هاوڕێیەتیمدا زۆر زیاتر لە کوڕان کەســـانی دڵســـۆز و میهرەبان بوون بەرامبەرم، لە پێوەندیم لەتەکیاندا هەست ناکەم بەر بەد لێکحاڵیبوونێکی ئەوتۆ کەوتبم.... کچەکان هەمیشـــە هاوڕێی ئازیزم بوون و ڕاشـــکاوانەتر لەگـــەڵ یەکدیـــدا دواوین و هەمیشـــە لەو کەســـانە بوون کە لە پێوەندیم لە تەکیاندا ڕووبەڕووی هیچ خانەگومانیـــی و نائومێدبوونێـــک نەبوومەتەوە. بۆ نموونە نەزەندی بەگیخانی لە بیســـت و پێنج ساڵ لەمەوبەر و لە ساڵانی زانکۆوە دەناسم و هاوڕێمە، هەمیشە بە میهرەبانیی و هەســـتی هاوڕێیەتی خۆی، لێنەگـــەڕاوە دەنکە زیخێک بکەوێتە پێوەندیی هاوڕێیەتیمانەوە...





**چەند خولەکێک لە چاوەڕوانی مەرگدا**

لە دوای تەواو کردنی زانکۆ، دلاوەر بڕیار دەدات نەچێت بۆ ســـەربازیی، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ دا بەرەو ئێران بەرێ دەکەوێ، لەوێ بۆماوەی دوو ســـاڵ و نیو لە ئۆردوگایەکی نزیک شـــاری (خوڕەم ئاباد) نیشـــتەجێ دەبێت، لەپاش تەواوبوونی شـــەڕی ئێـــران ـ عێـــراق و دەرکردنی بڕیاری لێبوردن لەلایـــەن حکومەتی عێراقـــەوە، قەرەداغی وەک زۆرێک لە کوردانی ئاوارەی ئێران، بڕیاری گەڕانەوە دەدات. لە شـــەوێکی تاریکـــی وەرزی گەڵارێزانـــدا دەگاتە گوندی بیارەی سەرســـنوور، لەوێ ئەفســـەرێکی هاوڕێی زانکۆی دەبینێ و ناونوســـی دەکات. «کە چوومە بەردەمی و ناوی خۆم پێگوت و کاتێ ناوەکەمی بیســـت، کەمێک لێم راما و گوتی من تۆ باش دەناسم. نامناسیتەوە؟ وتم نا، چرایەکی لەبەردەمدابـــوو بەرزی کردەوە تا ڕوخســـاری ببینم، دوای تاوێـــک ناوی خۆی گـــوت و ئیدی ناســـیمەوە کە یەکێک بووە لـــەو هاوڕێیانەی کە لە بەغدا پێکەوە قوتابی بووین. پاشـــان کەوتە گێڕانەوەی هەندێک بیرەوەری ڕۆژانی بەغدا و دڵنەوایی کردم و کەمێک لە نیگەرانیی گەڕانەوەمی کەم کردەوە.» هەر ئەو شەوە دلاوەر لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی کوردی گەڕاوەی ئێـــران دەبرێنە (مونەزەمەی عەربەت) و لەحەوشـــە دادەنرێن ... «هێندەمان زانی ئەفســـەرێک بە نەڕەنـــەر هات و گوتی دەی خێـــرا هەمووتان ڕیزبن، پیاو بە جیا و ژن و منداڵ بەجیا.... لەڕاســـتیدا لەو لەحزەیەدا مردن لای من ئەهوەنتر بوو لە بیســـتنی گریان و زریکەی ژن و منـــداڵ کە زوربەشـــیان ئەو خەڵکـــە بێ دەرەتانەی هەڵەبجـــە بوون کە بۆردۆمانی کیمیاویـــی ئاوارەی ئێرانی کردبوون»....

*** پاشان چی ڕوویدا؟**

– دوای تاوێـــک ئەفســـەرێکی تر هـــات و بە چرپە پێی گوتین کە نەترسین و بڕیاری لێبوردن هێشتا تەواو نەبووە و ئـــەو کابرایە لە خۆیـــەوە وا دەڵێ و تەنهـــا بۆ ئەوەیە بتانترسێنێت. بە کورتی ئەوە لە جەنگێکی دەروونی زیاتر چیدیکە نەبوو.

*** بەر لە گەڕانەوەت ئەو دەمەی لەوێ بوویت تا چەندێک ئاشنای ئەدەبیات و کولتووری ئێرانی بوویت؟**

– لـــە ڕاســـتیدا زوربەمان لـــەو دەمەدا بـــە نیازی خۆ دەربازکردن لە جەنگ و ســـەربازی نەکردن و ڕزگارکردنی گیانی خۆمان و ڕووکردن لە ئەوروپا پەنامان بۆ ئێران برد. بـــەڵام وەک دەڵێن ئێران بۆ خۆی هەشـــت وڵاتە و حەیفە پێیدا تێپەڕیت و خۆشت نەوێت و ئاشنای نەبیت. نەدەکرا ئەو هەمـــوو کتێب و ئەدەبییاتە جوانە لـــە کتێبخانەکاندا ببینیت و هەوڵ نەدەیت خۆت فێری زمانی فارســـی بکەیت و بە خوێندنەوەی هەندێکیاندا ڕابگەیت. سەرەڕای جەنگ و خراپیی باری ئابووری ئێران لەوکاتەدا، بەڵام ئێمە کاتێکی زۆرمـــان بۆ خوێندنەوە و خۆفێرکردن هەبوو، هەر کتێبێک بەدوایدا دەگەڕاین، بە ســـانایی بە دوو ســـێ تەرجەمەوە لە کتێبخانەکاندا دەســـتمان دەکەوت، ســـینەما و شـــانۆ و مۆســـیقای ئێرانیی لە ســـەرەتای گوڕمێکی نوێیدا بوو، دەکرێ بڵێم بەرکەوتنمان بەو کولتوورەوە، خەیاڵی چوونە ئەوروپای لای هەندێکمان کاڵ کردبۆوە.

*** زۆرجار ناوی تۆ و ئازاد سوبحی پێکەوە دەهێنرێت ... نهێنی ئەمە چییە؟**

– من و ئازاد ســـوبحی لـــەدوای ڕاپەڕین و لەو هەفتەی ڕۆشـــنبیرییانەوە یەکترمان ناســـی کە هۆڵـــە گەورەکانی ســـلێمانی پڕ دەبوون لە خەڵک بۆ گوێگرتن لە شـــیعر و لێکۆڵینەوە و قسەوباســـی جیددی. لە یەکێک لەو کۆڕانەدا ئـــەو قەســـیدەی (خوێندنەوەی تەرمی لمـــەکان)ی خۆی خوێندەوە و منیش (تەیرەکانی ئیســـماعیل) م خوێندەوە. یەکێک لەو لێکۆڵینەوە جوانانەی کە لەســـەر شـــیعری من نووســـراوە ئازاد سوبحی بە عەرەبی نووسیویەتی. زۆر زوو مـــن و ئازاد هۆگر و ئاشـــنای یەکدی بووین.. دواتر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا پرۆژەی گۆڤاری ســـەراب مان هەبوو کە وابزانم پێنج ژمارەیەکمان لێ دەرکرد. پێوەندیم لەگەڵ ئـــازاد دا بەهەمان ڕیتم و گوڕمی جوانـــی خۆی مایەوە و ســـات لەدوای ســـاتیش نوێ دەبێتەوە و شـــتی تری تێدا هەڵدەگۆڕین. لەم گەشـــتە شـــیعرییەی من و نەزەندا بۆ چەند شـــار و شـــارۆچکەیەکی کوردســـتان، چەند جارێک شاعیر و شیعردۆستانی ئەو جێگایانە قەسیدەی (باخچەی پادشـــا) یان وەبیردەهێنامەوە کە بۆ ئازاد و بە یادەوەری ئەوەوە نووسراوە.

*** کە دەگەڕێیتەوە سلێمانی ....**
**چ حاڵەتێک یادەوەریت دەوروژێنێت؟**

– من هەمیشـــە هەست دەکەم شتێک لەم شارەی ئێمەدا ونە، دەشێ هۆیەکی زوو زوو گەڕانەوەم بۆ شار، گەڕان بێ بەدوای دۆزینەوەی ئەو شـــتەدا. گەر سەرنجی شیعرەکانی ئەم دواییەم بدەیت بە ئاشکرا هەست بەو حاڵەتە دەکەیت. هەمـــوو جارێکیش کـــە دەگەڕێمەوە ڕووبـــەڕی گەڕانەکەم تەنگتر دەبێتەوە. دەکرێ بڵێم کە ئێســـتا هەموو ڕووبەری گەڕانی من لەم شـــارەدا لە چەند هـــەزار مەتر دووجایەک تێپەڕ ناکات و ئەمەش تا بێت ئەگەری دۆزینەوەی ئەو شتە دوورتـــر دەخاتەوە و بڕیاری نەگەڕانەوەی هێجگاری منیش بۆ نیشتمان نزیکتر دەخاتەوە.

